# کاریگەری گۆڕینی کارگەی جگەرەی سلێمانی بۆ سەنتەرێکی کولتوری لەسەر شاری سلێمانی


**م.ی. شێروان علی حەمەخان**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی هونەر بەشی شێوەکاری**


## پێشەکی:

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەم باس لە گرنگی گۆڕینی کارگەی جگەرەی سلێمانی بۆ سەنتەرێکی کولتوری بکەم و کاریگەری ئەم سەنتەرە کولتوریەش لەسەر گەشەکردنی شاری سلێمانی بخەمەروو.
بەپێی ئەوەی سلێمانی بە بەراورد بەشارەکانی تری باشوری کوردستان خاوەنی سەرمایەیەکی کولتوریە بووە بە شارێکی کولتوری و هەربۆیشە لە بەرواری ٣/١٢/٢٠١٢ بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کرا بە پایتەختی کولتوری (رۆشنبیری) هەرێمی کوردستان. دیارە گەشەکردنی شاری سلێمانی ،بە تایبەت، لە دوای نەوەدەکانەوە رەچاوی ئەم ناسنامە کولتورییەی نەکردوە و گەورەبونێکی بێپلانیشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش وایکردوە لەلایەك گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، کە بەشیکن لە ناسنامەی کولتوری شار، بەرەو لەناوچون بڕۆن و لەلایەکی تریشەوە گەشەکردنی ئابوری شار تاك رەهەندانە پشتی بە داهاتی نەوت بەستوە.
یەکێك لەو بیرۆکانەی لەئێستادا دەکرێت کاری لەسەر بکرێت نوێژەنکردنەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانیە، کە ماوەی چەند ساڵێکە لە کارکەوتوە، تاببێتە سەنتەرێکی کولتوری. لەم روەشەوە ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کە ئەم شوێنە ببێتە فاکتەریکی چالاك بۆ پەرەپێدانی هزری داهێنەرانە و بەهێزکردنی پێگەی کولتور لە گەشەکردنی ئابوری کولتوری شاردا کە یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی ئابوری شار لە وڵاتە هاوچەرخەکاندا. بۆیە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدەدرێت خستنە رویی تێگەیشتنێکە سەبارەت بە بەرجەستەکردنی مۆدێلێکی نمونەیی



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Pilotprojektبۆ بەڕێوەبردنی کولتور لەشاری سلێمانی و بەکاربردنی ئەو سەرمایە کولتورییەی ئەم شارە هەیەتی تا ئەمەش وابکات ئەم سەنتەرە ببێتە فاکتەریکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابوری کولتوری و شوێنێك بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینی فرەکولتووری.

وشەکلیلی توێژینەوە: کاریگەری، گۆڕین، کارگە، کارگەی جگەرە، کولتور، سەنتەری کولتوری.

**کاریگەری:**

ئەو کردارەیە کە لەدوای خۆی کاردانەوەی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر دەوروبەر بەجێدەهێڵێت و لەم توێژینەوەیەشدا باس لە کاریگەری سەرمایەی کولتوری شار لەسەر گەشەکردنی شار بە گشتی و ئابوری شار بە تایبەتی دەکەین.

**گۆڕین:**

گۆڕین بەمانای دەستکاری کردنی شتێك و دروستکردنەوەی بە شیوازێکی تردێت، لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە گۆرین ئەلبەتە گۆڕینی شوێنە لەکارکەوتوەکانی ناو شارەکانە، بۆ شوێنی کولتوری. چونکە هەموو شارێك لە پرۆسەی گەشەکردنیدا گۆڕانکاری بەسەر شوێن و شێوازی بەرهەمهێنانی ئابوریدا دێت، بەنمونە لەدوای سەدە پیشەسازی و چونە ناو سەدەی زانیاری، لە زۆربەی شارەکانی جیهاندا چەندین کارگە لەکارکەوتن و وەزیفەی خۆیان لەدەستداوە، بۆیە ئەم شوێنانە لە ئێستادا بە بیرۆکەی تازە سودیان لێ وەردەگیرێت تا بناغە بۆ بوژاندنەوەی ئابوری شاردانێن و بشبنە شوێنێك بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینی فرەکولتوور لە شاردا.

**کارگەی جگەرە:**

کارگەی جگەرەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦١ لەسەر روبەری ٢٧ دۆنم دروستکراوە. لە ساڵێ ٢٠٠٥ بەتەوای لەکارکەوتوە، یەکێکیش بووە لەو کارگە چالاکانەی لە ماوەی کارکردنیدا کاریگەریەکی باشی لەسەر بواری ئابوری سلێمانی هەبووە. لەئێستادا بینای ئەم کارگەیە بەشێوەیەکی پتەو ماوەتەوە .

**کولتور:**

کولتور culture بە زمانی لاتینی بە مانای چاندن یان کشتوکاڵ دێت ( ئەوەی لە سروشتەوە مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت) و کۆی هەموو ئەو بەرهەمە هزری و ماتریاڵیانەشە مرۆڤ لەرووی مێژوویەوە بەرهەمیهێناوە. لێرەدا کولتور پێناسەیەکی دەستەبژێری نییە کە بە گروپێکەوە ،بۆنمونە هونەرمەندانەوە، تایبەتبێت بەڵکو لەسەر بنەمای پێناسەیەکی گشتی تر کاردەکات کە هەموو کەسێك توانای داهێنان و بەرهەمهێنانی کولتوری هەیە ئەمەش یەوپێیەی داهێنان لەگەڵ بونی مرۆڤدا بوونی هەبووە و هەموو کەسێکیش لە سروشتەوە بەهرەمەندە و توانای داهێنانی هەیە .

**سەنتەری کولتوری:**

ئەو شوینەیە کە چالاکی فرە کولتوری تێدا ئەنجامدەدرێت و خۆی لە کۆی بەرهەمە کولتوری و هونەری گرورپە داهێنەرەکانی شاردا دەبینێتەوە وەك: موزیك، چاپەمەنی، کاری دەستی یان پیشەیی، فیلم، رادێۆ، شانۆ، دیزاین، تەلارسازی، رۆژنامەوانی، ریکلام، پرۆگرام دروستکردن ، زانست و تەکنۆلۆجیا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## گرفتی توێژینەوە :

گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی کورتدەکاتەوە کە. کارگەی جگەرەی سلێمانی بۆ سەنتەرێکی کولتوری بگۆردرێت و بێتە سەرمایەکی کولتورییش بۆ شار و، خودی ئەم سەرمایە کولتوریەش توانای ئەوەی هەبێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەکردنی شار (سلێمانی) بەجێبهێڵێت. بەپێی ئەوەی لەرویی رێکخستی کولتوریشەوە بێت سیاسەتێکی کولتوری گونجاو لەم شارە لە ئارادا نەبوە کە بتوانێت ئەو سەرمایە کولتوریەی شار بەشێوازێك رێکبخات کە ببێتە سەرچاوەیەکی داهێنانی. هاوکات لەروی ئەندازیارییشەوە تەلارە کۆنەکان (کارگەکان) کە بەشێکن لەناسنامەی شار، نەتواندراوە بگۆردرین بۆ شوێنێك کە کولتوری تیدا بەرهەمبهێندرێت و ببێتە سەرچاوەیەکەی ئابوری شار. بۆیە لە رێگای ئەم توێژینەوەیەوە کار بۆ گۆڕێنی شوێنە لەکارکەوتوەکان دەکرێت بۆ شوێنێکی کولتۆری بەرهەمهێنەر و کردنی کولتووریش بە کردەیەکی فرەرە کولتوری.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامنجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە گۆڕینی رەهەندەکانی کارگەی جگەرە بۆ سەنتەریکی کولتوری و پراکتیزەکردنی پرۆسەی گۆرینی کارگەکە لە شوێنێکی لە کار کەوتوەوە بۆ شوێنێکی پیشەسازی کولتوری بەرهەمهێنەر (وەك موزەخانە، گەلەری، هۆلی کۆنسێرت، شانو، یان سەنتەری توێژینەوەی زانستی) و گۆرینی تێگەیشتن سەبارەت بە شوێنەکانی بەرهەم هێنای کولتور، کە ئەوەش دواتر کاریگەریی خۆی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسەتی کولتوری لە شاردا بەجێدەدەهیڵێت .

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە مێتۆدی شیکاری بەکاردەبرێت تا کاریگەر گۆڕینی کارگەی جگەری سلێمانی بۆ سەنتەرێکی کولتوری لەسەر گەشەکردنی شاری سلێمانی رونکرێتەوە و بتوانرێت بەرهەم هێنانی کولتوری لە سەنتەرێکی لەو شێوەیەدا بەرجەستبکرێت.

## پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەسەرەتادا بەو گریمانە و پرسیارانە دەستپێدەکات کە چۆن پەیوەندی کولتور و گەشەکردنی شار لەسەر چەند ئاستێك دەستنیشان بکات. لەوانە گەشەکردنی شار و ناسنامەی کولتوری و هەروەها رۆلی کولتور لە گۆڕینی کۆمەڵگەی پیشەسازی بۆ گۆمەلگەی زانیاری و چۆنیش کولتور رۆلێکی ئەرێنی لەسەر بوژاندنەوەی شار لەسەر ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتی دانێت. هاوکات توێژینەوەکە باس لەوەدکات کە سەنتەریکی کولتوری وەك کارگەی جگەرەی سلێمانی دەکریت وەك پرۆژەیەکی نموونەی ئەم بیرۆکانە بەرجەستەبکات. بۆیە بۆ بەئەنجامگەیاندی ئەم توێژینەوەیە بە باشیدەزانین توێژینەوەکە دابەشکەینە سەر ئەم تەوەرانە: تەوەری یەکەم: پلانسازی(گەشەکردنی) شاری سلێمانی و ناسنامەی شاری کولتوری. تەوەری دووم: کۆمەلگای زانیاری (شار، کولتور، ئابوری داهێنەر، کولتور وەك ستراتیژیەك بۆ دوبارەبوژاندنەوەی شار) و کۆتا تەوەرە تەوەری سێەمە کە بریتییە لە پرۆژەی کولتوری کارگەی جگەرەی سلێمانی (شێوازێکی تر لە بەرهەمهێنانی کولتوری، شێوازێکی تر لە سیاسەتی کولتوری، شێوازێکی تر لە گەشەکردنی شاری بەردەوام) لە کۆتایشدا بە خستەروی چەند دەرئەنجامێك کۆتای بە توێژینەوەکە دەهێنرێت.

## تەوەری یەکەم : پلانسازی(گەشەکردنی) شاری سلێمانی و ناسنامەی شاری کولتوری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دروستبونی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤گرنگییەکی سیاسی هەبووە و وەك یەکەم شاری کوردی سەربەخۆش هەر لەسەرەتاوە لەژێردەسەڵاتی حوکومڕانی کوردیدا دروستبووە و لەدوا جەنگی جیهانی یەکەمیش ئەم شارە ڕۆڵی سیاسی و کولتوری زیاتری بینیووە. ئەگەرچی لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە مێژووی سیاسیی شاری سلێمانی ناکەم و بەلکو تەنها ئاماژە بەوەدەکەم کە ئەم شارە هەر لەسەرەتاوە ناسنامەی شارێکی سیاسی/ کولتوری هەبووە نەك شارێکی بازرگانی یان پیشەسازی.(1)

ئەگەر سەرنجێکی مێژووی گەشەکردنی شاری سلێمانی بدەین، دەبینین لەسەرەتای دروستبوونییەوە پلانێکی داڕێژراوی نەبوە، (فۆتۆ ١) بگرە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شێوازی شارێکی ڕۆژهەڵاتی دروستکراوە. (2)خودی ئەم شێوازەش لە دروستکردنی شار لە ڕووی ئابوورییەوە باشترین شێوازبووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سروشت کە بەکەمترین وزە توانیویەتی خۆی لەگەڵ سەرماو و گەرمادا رابهێنێت. لەروی کۆمەڵایەتیشەوە چڕبوونەوەیەك لە شاردا بەدیکراوە کە دەکرێت وەك چڕی پەیوەندی(کۆمنیکەیشن) لە کۆمەڵگادا سەیربکرێت. چونکە شاری سلێمانی لە سەرەتای دروستبونیەوە تێکەڵی کومەڵایەتی نێوان چینە کۆمەڵایەتی و ئیتنیە جیاوازەکانی پێوەدیاربووە .(بابان ٢٠٠٢: ٩٠)

لەگەڵ ئەوەش کە سلێمانی لە سەرەتای دروستبونییەوە پلانێکی داڕێژراو(ماستەرپلان) ی نەبوە بەڵکو گەشەکردنێکی خۆرسکی بەخۆدیووە، بەڵام شاری ناوبراو توانیویەتی لەسەر پێداویستی کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی گەشەبکات و ئەو گەشەکردنەش بەگشتی لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا گونجاوبوە.

لە ساڵی ١٩٥٧ ، لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراق ، بۆ یەکەمجار ماستەرپلانێك بۆشاری سلێمانی لە لایەن تەلارساز و پلانسازی یۆنانی کۆستەنتینۆس دۆکسیادیس Constantinos Apostolou Doxiadis دادەڕێژرێت و ئەمەش دواتردەبێت بە بناغەیەك بۆ دروستبوونی شار لەسەر بناغەی میتۆدی زانستی و دورکەوتنەوە لە پلانی هەرەمەکی. ئەلبەتە یەکێك لە فۆرمە دیارەکانی ئەم ماستەرپلانەش دروستکردنی شەقامی سالە (فۆتۆ ٢) ئەمەشوادەکات شار بەرەو فۆڕمێکی بازنەیی گەشەبکات، ( Urban Context 2009: 91) چونکە دروستکردنی شەقامی ناوبراو لە ناوەوەی شار گەشەکردنی شاری سلێمانی لە ناوەوە بەرەو دەرەوە پاراست. لە قۆناغێکی تر ، لە سەرەتای هەشتاکان، شار ئاراستەی تری وەرگرت ، بۆنموونە دروستکردنی جادەیەك بەناوی جادەی شەستیەکە ، کە ئاشکرایە هۆکار سیاسی لە پشت دروستبوونیەوە بووە ، پاشان وەك دیوارێك بەدەوری شاردا خۆی نیشانداوە کە ئەوەش گرنگی خۆی لە قسەکردن لەسەر شاری سلێمانی هەیە ، (فۆتۆ ٣) چونکە شاری سلێمانی بەهۆی ئەوەوە سەرلەنوێ خۆی لە ناو گەشەکردندا دیوەوە. ئەوەی لێرەدا شایانی وتنە ئەوەیە کە تا نەوەدەکان گەشەکردنی شاری سلێمانی لەگەل سەردەمی خۆیدا گونجاوبووە. بەڵام لەدوای دووهەمین جەنگی کەنداو ١٩٩٠ و دامەزراندنی دەسەلاتێکی کوردی، جادەی شەستیەکە لەوەکەوت ببێتە سنور بۆ شاری سلێمانی و گەشەکردن بەرەو دەرەوەی ئەو جادەیە ،لە شێووەی دورگە ئامیز، پەلیهاویشت. (فۆتۆ ٤) بەڵام لەدوای ٢٠٠٣ بەولاوە زۆر بەخێراتر ئەم گەشەکردنە بە شاری سلێمانییەوە دیاردەبێت. ئەویش لەدوای نەمانی ڕژیمی بەعس و دەرکەوتنی سەرچاوەیەکی ئابوری تازەی بەهێز لەرێی ناردنەدەرەوەی نەوتەوە.(3) دروستبونی ئەم سەرچاوە ئابوریە بەهیزە لە کاتیکی کەمدا، بووە هۆی دروستبونی چینیکی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند کە پێداویستی پانتای شوینی نیشتەجێی زیادبوو، بەواتەیەکیتر،

ئەم چینە کۆمەڵایەتیە تازەیە، پێویستی بە پانتای زیاتربوو بۆ نیشتەجێ بون و  ویستی خۆدەرخستن. ئەمەش خۆی لە دروستبونی چەندین پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبون دا دیپەوە (گوندی ئەڵمانی، قەیوان ستی، پاك ستی و ...هتد). (فۆتۆ.٥ - ٦) لە هەمانکاتدا ئەم دەرچونە بەرەو دەرەوەی شار تەنها خۆی لە شوێنی نێشتەجیبونی خانوەکاندا نەبینییەوە، بەڵکو بینای فەرمانگە حکومیەکان و نەخۆشخانە و زانکۆش بەرەو دەرەوەی شار گوێزرایەوە.  تەنانەت گەورەبونی پانتای شار پێویستی بە سیستەمیکی گەورەی دروستکردنی جادە و شەقام هەیە،  بۆیە لێرەوە پێداویستی سەیارە بەشێوەیەکی زۆر زیادەکات و ، ئەم گەشەکردنەش لەلایەك دەبێتە هۆی داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە زەویە کشتوکاڵیەکان و ، لەلایەکی تر هۆکارێك بو نەمانی بەهای گەڕەکە کۆنەکان و ڕوخاندنیان  بە مەبەستی فراوانکردنی جادەکان و دروستکردنی بینای بازرگانی تازە یان گەراجی سەیارە. (فۆتۆ ٧) ئەم پرۆسەیەش لەپاش ٢٠٠٣ بەولاوە ناسنامەی کولتوری بیناسازی شاری سلێمانی شێواند.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت گەشەکردنی ئەم بیست ساڵەی رابردو بە گەشەکردنی شارەکانی کەنداو بەراورد بکرێت کە لە شەستەکاندا بە " شاری نەوتی" ناسرابوون و لەژێر کاریگەری مۆدیلی "شاری ئەرکگەرا Functional City گەشەیانکرد."(4)   ئەم جۆرە شارانە پرۆژەیەك وەردەگرن کە پێشتر بەوردی کاریبۆکراوە و خراوەتە ژێر ڕکێفی ڕێسا و پلانێکی گشتییەوە (...). بەپێی ئەم جۆرە پرۆژانە شار بە پێداویستییەکانی دەڤەرەکەوە پابەنددەکرێت و ئەرکە سەرەکییەکانی، کە چوار لایەنن، لەخۆدەگرێت، ئەمەش وادەکات شار هەلگری پلانی هەرەمەکی و ڕێکەوتئامێز نەبێت." (Hilpert 1984: 161) ئەوەی لەم مۆدیلەدا جیگەی باسە ئەوەیە کە،  شار ئەرکێکی (وەزیفە) هەیە کە پێویستدەکات لە خزمەتی کەرتی پیشەسازیدا بێت. بەواتایەکیتر، شار بەشێوازێکی خۆرسك گەشە ناکات بەڵکو بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبێت: شوێنی نیشتەجیبون،  شوینی کار، شوێنی حەواندنەوە ( پارك، باخچە) و بازار(مۆڵ). ئەلبەتە لە ئێستا ئەم شێوازە لە پلانی شاری سلێمانی بە ئاشکرا دەبینین.

کێشەکە لەوەدایە ئەم شێوازە  لە گەورەبونی شارجگە لە کێشەی ئابوری و ژینگەیی دێتەپێش (5)  کێشەی تریشی بۆدروست دەبێت لەوانە شار لە داهاتودا وزەی زۆر لە ئێستا زیاتری پێویستە ، ئەلبەتە دوای نەمانی وزەی نەوتیش ئەم شارە توانای ئەوەی نابێت پێداویستیە وزەیەکانی رۆژانەی خۆی دابینبکات.  ئەمە جگەلەوەی کێشەیەکی ئابورییە بۆ داهاتوی شار کاریگەری خراپیش لەسەر ژینگە بەجێدێلێت.

لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتورییش ئەم گەشەکردنە چەند کێشەیەکی دروستکرد، کە لە گەڵ ناسنامە کۆنەکەی شاری سلێمانی ، کە شارێکی کولتورییە،  ناگونجێت . ئەمەش لەبەرئەوە شاری سلێمانی تا سەرەتای نەوەدەکانیش بونیادی شارێکیی  رۆژهەڵاتی  کۆنی پێوەدیاربوو. ئەم لایەنە بەئاشکرا  لە دیدە کۆمەڵایەتییەکەشەوە ، تێکەڵی چینی کۆمەڵایەتی، ئیتنی و دینیەکان، بەدیدەکرا . بۆیە ئەمەش وایکرد شار شوێنێك بێت بۆ پێکەوە گونجانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. لەلایەکیترەوە ئەو  گۆڕانکاریانە بەسەر شاری سلێمانیدا هات دەرچونبوو  بەرەو دەرەوەی شار (6) ، ئەمەش بەئاسانی لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجیبونەکان بەدیدەکرێت، واتە یەکەی نێشتەجیبونەکان جیاوازی ئاستی ئابوری دانیشتوان نیشاندەدات و واشیکردوە کە گروپەکانی کۆمەڵگە بەپێی جیاوازی ئاستی ئابورییان شوێنی نیشتەجێبوون دیاریدەکەن.(7)


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر سەرنج لە مێژووی گەشەکردنی شاری سلێمانی بدەین دەبینین، ئەو پلانەی پێشتر شاری سلێمانی هەیبوە تا نەوەدەکانیش لەگەل سیمایی شاری کولتوریدا گونجاوە. چونکە ئەو دەمە شاری سلێمانی سلێمانی بەشێوازیك گەشەیکردبو کەمترین زەوی داگیرکردبو ( واتە بەشێوازی بازنەیی کە لە ناو خۆیەوە گەشەدەکات) هەروەها شار لەسەر چەند ئاستێك بنەمای شاری لە خۆ گرتبوە (باس لەوە ناکەین کە هەمو بنەماکانی تیدایە) : ئاستی کۆمەڵیەتی و کولتوری، تێکەڵی کۆمەڵایەتی و ئیتنی، تیکەڵی گروپەجیاوازەکان بەیەکتر ، هەروەها ئاستی ئابوری ژینگەی. بەڵام بە پێچەوانەوە پلانی کۆنی شاری سلێمانی دەبینین کە ئەو پلانەی لە دوای نەوەدەکانەوە پەیڕەودەکرێت بۆ داهاتوی شاری سلێمانی جگە لە کێشەی ئابوری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و کولتوری لێدەبێتەوە. بەنمونە جیاکردنەوەی چینەکانی شار لەیەکتر، بەهۆی ئەمەوە لاوازی کۆمونیکەیشنی کۆمەڵایەتی گروپەکان لە شاردا دروستدەبێت،ەنەش وادەکات کە توانای بەرهەمهێنای کولتور لاوازبێت. کەواتە بە پێچەوانەی پلانە کۆنەکە، ئەو پلانەی لە دوای نەوەدەکانەوە پەیڕەودەکرێت کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی کولتوری شاری سلێمانی هەیە، بۆنموونە ئەوی لە شاری پیشەزاسیدا لە ئەوروپا پەیرەوکراوە لەدوای حەفتاکانەوە بووە بە جێگەی ڕەخنە.

## تەوەری دووەم: کۆمەڵگای زانیاری

ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوای حەفتاکانەوە هاتنە سەر کۆمەڵگەی خۆرئاوا، بۆ هەندێك لە کۆمەڵناسەکان، دەکرێت وەك گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵگەی پیشەسازیەوە بۆ کۆمەڵگەی زانیاری سەیربکرێت. ئەم گۆڕانکاریانە شێوەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی لەگەڵ خۆیدا هێنایەکایەوە و بونیادی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی شارەکانیشی بەشێوازێکیتر دارشتەوە.

ئەگەر بەراوەردێك لە شێوازی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و کۆمەڵگەی زانیاریدا بکەیەن، دەبینین لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا شێوازی بەرهەمهێنان زیاتر بە کاری جەسەتەییەوە پەیوەستبوە ئەوا لە کۆمەڵگەی زانیاریدا شێوازی کارکردن زیاتر پێویستی بە زانیاری و بیرکردنەو و بەرهەمهێنانی ئیدیاوە هەیە. بۆنمونە کاتێك پرۆگرامێك یان بەرهەمهێنانی کارێکی میدیای تازە دروستدەکرێت ئەوەندە پێویستت بە داهێنان و بیکردنەوە هەیە ئەوەندە پێویستت بەکاری جەستەیی نیە وەك لەدورستکردنی مەکینەیەك لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا. (8)

"بەڕێی پێشەوەچوونی تەکنیکییەوە، هەروەها بەڕێی مەبەستمەندکردنی کاری "قورس" و دەستییەوە کە بەندە بەو پێشەوەچوونە تەکنیکییەوە، شێوەی ئەوتۆی کار سەرهەڵدەدەن کە تێیاندا 'توانستی جۆنێتییانەی جیاواز واتا وەردەگرن، وەك توانستەکانی ڕاگەیاندنی نێویەکی، گەیاندنی زانین بە کەسانی دی، چالاکیی هۆشەکی یان خۆخەریککردنی ڕەخنەیی بە زانیارییەکانەوە. لەنێو جێوەی ئەم کولتووورە نوێیەدا لایەنی دی پێویست دەبن، وەك: پسپۆریی دیکە (لە بوارەکانی ئافراندن و زانین و ڕاگەیاندندا."(Frey 2009: 54). بەمجۆر ئەگەر لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا پێداویستی بەرهەمهێنان لە سەر توانا جەستەیەکانی کۆمەڵگە بوبێت ئەوا لە کۆمەڵگەی زانیاریدا پیداوستی بەرهەمهێنان بە توانای داهێنان و کولتوری کەسەکانی کۆمەڵگەوە پەیوەستە. کەواتە توانای داهێنان و کولتوری هەر شارێك بەهیزبێت ئەوا ئەوشارە توانایەکی ئابوریەکی بەهێزی هەیە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خاڵێکی گرنگی تر کە لێرەدا شایانی باسکردنە ئەوەیە، لە کۆمەڵگەی زانیاریدا کە گۆڕانکاری بەسەرداهات پلاندانانی شارەکانە، چونکە پەیوەندی شوێنی کارو شوینی نیشتەجێبوون گۆڕانکاری بەسەرداهات. لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا کارگەکان کەسە داهینەرەکانیان بۆخۆیان رادەکێشا، کەسە داهێنەرەکان لە کارگەیەك کاریان دەکرد و لەنزدیکترین شوێن نیشتەجیدەبون. بەڵام لە کۆمەڵگەی زانیاریدا، بەهۆی بەهێزبوی پەیوندی دیجیتاڵی و ئەنترنێت، دەکرێت لە شارێك کاربکەیت و شوێنێکیتر شوێنی نیشتەجێبوونتبێت، ئەم گۆڕانکاریە وایکرد، ئەو شارانەی سەرنج راکێش و کولتورین کەسە داهێنەرەکان راکێشنە لایخۆیان. "ئێستا کولتور وەك هاوواتایەکی جادوویی سەرجەم کۆگە و کارگە لەکارکەوتوەکان دەبینرێت، هەروەها وەك ئامرازێك کە دەشێت وێنایەکی نوێ بەشارەکان ببەخشێت. ئەڵبەتە سەرنجڕاکێشکردنی پتری شار بۆ کرێکارانی پرۆفشناڵی گەرۆگ وسەرمایەی گەڕۆکە." (Hall 2000 : 640)کەواتە کولتوری بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی شارەکان لە چاخی زانیاریدا.

## ١.١ شار، کولتور، ئابوری داهێنەر

پێگەی کولتور لە گەشەکردنی ئابوری شاردا، بەگشتی دەکرێت لەسەر دووئاست دەستنیشانبکرێت. یەکەم: کولتور وەك کایەیەك بۆ گەشەکردنی ئابوری کولتوری، ئابووری داهێنانی creativeeconomy شارەکان، کە خۆی لە کۆی بەرهەمە کولتوری و هونەری گرورپە داهێنەرەکانی شاردا دەبینێتەوە وەك: موزیك، چاپەمەنی، هونەر، کاری دەست، فیلم، رادیۆ، شانۆ، دیزاین، تەلارسازی، رۆژنامەوانی، ریکلام، پرۆگرام دروستکردن ، زانست و تەکنۆلۆجیا.

دووەم: بەرهەمی کولتوری شارەکان گرنگی بۆ کەرتی گەشتیاریش هەیە. واتە شار وایلێکرێت بۆ گەشتیاران سەرنجراکێشبێت و ، ئەلبەتە ئەو چالاکیە کولتوریانەی شار لەچەند شێۆازێکی جیاوازدا نمایشیدەکات روڵی سەرەکی لە بەکولتووریکردنی شاردا دەبینن. ئەمە دەکرێت لە رێگا مۆزەخانە، هۆڵی شانۆ، کۆنسێرت، گەلەرییەوە بکرێت یان لە رێگای ناو گەڕەکی شاری کۆنەوە بکرێت، یاخودیش لە رێگەی پاراستنی تەلارسازی کۆنی شارو پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکان و بازاری کۆنی شارەوە بکرێت. چونکە لەرێگای ئەم شوێنانەوە شار نمایشی ناسنامەی خۆیدەکات. لەئێستادا لەرێگای ئەم لایەنەوە شارەکانی جیهان بۆ پاراستنی ناسنامەی کولتوری خۆیان لەگەڵیەکتردا لە رکابەریدان و ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ راکێشانی گەشتیاران.

گومانی ناوێت کە "وەك کۆمەڵێك بابەتی تەلارسازی، لەسەربنەمای پاراستنی مێژوویی ومیراتی ناوخۆیی ،کە رۆڵێکی گرنگ لە ستراتیژییەکانی دووبارە گەشەپێدانەوەی شارەکان دەگێرن. هەروەها لەتەك دیارنەمانی وەبەرهێنانی پێشەسازیی ناوچەیی و قەیران لە حکومەت و دارایی دەبینین کولتور پتر وپتر ئیشی(سەرچاوەی دارایی) شارەکانە. بنەمای سەرنجڕاکشەییە گەشتیارییەکان و بێ هاوتایی وهاڤرکی لوتکەییەکانیانە.برِی گەشەسەندنی کولتوریی(هونەر، خواردن، فاشن، موزیك، گەشتیاری) و پیشەسازی کە دەبنە هۆی هێنانەگۆڕێی ئابوری سیمبولی شار وتوانستە بینراوەکەی بۆ بەرهەمهێنانی شوێن و سیمبۆلەکان."( Zukin, 2003: 132-142)

بەپێی ئەم بۆچوونانەی لایسەرەوە بێت سوسکین پێیوایە ستراتیژی کولتوری شارەکان دەکرێت چەند ئاراستەیەك وەرگرێت. یەکەم: "شوێنی ژیاری" Urban Space پێویستە بەو شێوازە کولتورییە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دروستبکەرێتەوە کە فۆرمی شار ببیتە ناسنامەی کولتوری ئەو شارە. چونکە شارەکان گرنگە ناسنامەی خۆیان لە ئێستادا کە جیهانیگیری تیا زاڵە بپارێزن و بوونی کولتووریی خۆیان بسەپێنن. بۆیە پارێزگاریکردنی شوێنە مێژووییەکان لەم حاڵەتەدا گرنگی خۆی هەیە.واتە، سەرمایەی کولتوری شارەکان لە جیهانی تازەدا رۆڵێکی سەرەکی لە ئابوری شارەکان دەبینن و ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی ئابوری داهێنەر کە لە ئێستای سیاسەتی گەشەکردنی شارەکاندا ماناداره.

## ١.٢ کولتور وەك ستراتیژیەك بۆ دوبارەبوژاندنەوەی شارەکان

کاتێك باس لە دوبارەبوژاندنەوەی شار دەکرێت، یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی کولتوری شار ئەوەیە کە شار ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری، ئەمەو جگەلەوەی شوێنەواری مێژوویی و دامەزراوە کولتوریەکان(مۆزەخانە، هۆڵی شانۆ، هۆڵی کۆنسێرت ،گەلەریاکان و ...) و هاوکات ئەو شوێنانەش کە لە کارکەوتون و باکارناهێنرێن پلانی ئەوەیان بۆ دابرێژێت کە بگۆڕدرێن بۆ شوێنی سەرنجراکێش. بەنمونە دەستکاریکردنی کارگە لە کارکەوتووەکانی ناو شارەکان بۆ سەنتەری کولتوری یان زانستی. ئەلبەتە لەم چەند ساڵانەی رابردووشدا لە شارە پێشکەوتوەکانی جیهان زۆرێك لەم پرۆژانە ئەنجامدران.

شارەکان جیهانییەکان لە سەردەمی نوێدا سودیان لەم جۆرە پرۆژانە بۆ دروستکردنی ناسنامەی کولتوری وەرگرت ، چونکە وەك لە پێشتردا باسمانکرد، لە ئێستای پرۆسەی گلۆبالیزمدا، شارەکان بۆ پاریزگاریکردنی لە براندی (لۆگۆی) خۆیان لە رەکابەریدان لەگەڵیەکتردا، ئەمە نەك تەنها بۆ کەرتی گەشتیاری ماناداره و گرنگی خۆی هەیە، بەڵکو بۆ راکێشانی کەسە داهێنەر و کۆمپانیاکانیش. چونکە ئەو شارانەی لە جیهانی ئەمرۆدا ناتوانن پارێزگاری لە ناسنامەی کولتووری خۆیان بکەن سەرنجی گەشتیاران لەدەستدەدەن و بەهای کولتوریشیان نابێت. گومانیناوێت کە لە ئێستادا شارە پێشکەوتوەکان نەك تەنها گرنگە لەهەوڵی راکێشانی گەشتیاری دەرەکیبن بەڵکو گرنگە شار بۆ دانیشتوانە لۆکاڵیەکەشی سەرنجراکێشبێت. ئەمەش تەنیا لەرێیی بەردەوامیدان بەچالاکی و بەرهەمهێنانی پرۆژەی کولتوری و هونەری تازەوە دێتەدی.

لەمبارەیەشەوە دەکرێت چەند ستراتیژیەك لایخوارەوە بۆ رۆڵی کولتور لە دوباره بۆژاندنەوەی شارەکان بەنمونە دەستنیشانبکرێت:

- گۆڕینی شوێنی لەکارکەوتوو لەناو شارەکان بۆ شوێنی کولتوری. دیارە هەموو شارێك لە پرۆسەی گەشەکردنیدا گۆڕانکاری بەسەر شوێن و شێوازی بەرهەمهێنانی ئابوریدا دێت. لەم بارەیەشەوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەدوای سەدە پیشەسازی و چونە ناو سەدەی زانیارییەوە لە گەلێك لە شارەکانی رۆژئاوا چەندین کارگە لەکارکەوتن وەزیفەیان نەما بۆیە کارلەسەر ئەوەکرا کە ئەم شوێنانە بۆ دوباره بوژاندنەوە ئابوری شار بە بیرۆکەی تر سودی لێوەرگیرێت.(9)
- ستراتیژیەکی گرنگی تر بۆ دووبارەبوژاندنەوەی شارەکان ئەوەیە کە گرنگی بە شوێنی بەرهەمهینانی هونەری و زانستی وەك موزەخانەکان، گەلەری، هۆلی کۆنسێرتو شانو، یان سەنتەری زانستی بدرێت. گرنگی ئەم دامەزراوانە لەوەدا دەبێت کە زیندویی کولتور و ناسنامەی شار نمایشدەکات، هەروەها ئەم دامەزراوانە توانای ئەوەشیان دەبێت پەیوەندی نیوان هێما و سمبولی تایبەتی شار لە پەیوەندی بە کولتوری گلۆبالەوە رەچاوکات. واتە، ئەرکی شار ئەوەیەکە ئەو پەیوەندییە بپارێزێت. ئەم پەیوەندیەش دەپارێزێت لەلایەك بەهۆی پارستن و

بەزیندوو هێشتنەوەی ناسنامە کولتورییە لۆکالییەکەی شار، لەلایەکیتر بەهۆی ئاگای بون لە ئێستای کولتوری گلۆبال کە داوامانلێدەکات  فرەکولتووربین. هەرلەبەرئەوە ئەم دوو لایەنە لە چالاکی کولتوری لەشارەکاندا بۆ بینەری لۆکالی و بینەری گلۆبال گرنگی خۆی هەیە. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیەی کە کەرتی گەشتیاری تەنها پشت بە گەشتیاری دەرەکی نابەستێت، بەڵکو ئەو زیندویەتیە لە بەرهەمی کولتوری گلۆبال وادەکات بینەری لۆکالی شارەکانیش ببنە گەشتیار، چونکە شار پێویستە بەردەوام خۆی بۆ بینەرەکانی خۆیشی ،بەشێوازیکی تر ، نمایشکات.

ـ دروستکردنی ناوچەی کولتوری لە شارەکاندا، لێرەدا دەکرێت پلانی تایبەت بۆ ناوچەیەك دابنرێت کە سیمایەکی تایبەتی کولتوری خۆی هەبێت. زۆرێك لە شارەکان  لە جیهانی تازە گەڕەکی تایبەت بە گەلەری هونەری تیایە یان ناوچەی تایبەت بە مۆزەخانە ، وەك دورگەی مۆزەخانەی شاری بەرلین Museumsinsel ، (فۆتۆ ٨) کە بریتییە لە کۆمەڵێك مۆزەخانە بە شێوازی تەلارسازی جیاواز لە مێژووی مرۆڤایەتی و ئەڵمانیا و شاری بەرلین خۆی نمایشدەکات.ئەمەش وادەکات ئەم شوێنە لە شاردا ناسنامەیەکی تایبەت وەرگرێت. هەمانشت دەکرێت تایبەت بە  مۆزیۆم کواتیر Museumsquartier  بووترێت کە لە شاری ڤیەنا ئەو رۆڵە دەبینێت. (فۆتۆ ٩). گومانی ناوێت ئەم ناوچانە لە پلانی شاردا گرنگی خۆیان هەیە و ماستەرپلانی تایبەتیان بۆ دانراوە. بائەوەش بووترێت کە ئەم جۆرە شوێنانە تەنها بۆ مۆزەخانە، گەلەری و هۆڵی شانۆو کۆنسێرت دروستکردن نیین، بەڵکو دەکرێت ئەم جۆرە شوێنانە ناوچەیەك بێت بۆ کافەتریا، رێستورانت، شوێنی چونەدەرەوەی شەوانە یاخود بازاڕی تایبەت و شوێنی خۆشی و چێژوەرگرتن.

ـ لایەنێکی گرنگی تر کە شایانی باسکردنە و لە  بواری کولتور و گەشەکردن و بوژاندەوەی شارەکان رۆلی هەیە ئەو مۆدیلەیە کە بەناوی "شاری داهینەر" creative city  لە ساڵی ١٩٩٥ چارلس لێندری Charles Landry باسی لیوەکراوە.  ئەم مۆدیلە لە ئیستادا وەك ستراتیجیەك بۆ بەرێوەبردنی شارەکان بیریلێکراوەتەوە. بەپێی ئەم مۆدیلە بێت کولتور و داهێنانی کەس و گروپەکان سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیە. چونکە داهێنان تەنها بە نوخبەیەکی دیاریکراوەوە  پەیوەست نیە(بۆنمونە هونەرمەندان) بەڵکو هەموو کەسێك توانای داهێنانی هەیە. ئەم وزە کولتورییە دەستەجەمعییەش دەکرێت لە پلانی شاردا بەکاربهێنرێت و سود لە توانای کەسەکان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کێشەکانی داهاتوی شار وەرگیرێت. چونکە پلاندانانی شار تەنها کاری گروپێکی ئەندازیاری نیە کە بڕیار لە جارەنوسی داهاتوی  کۆمەڵگە بدەن، بەڵکۆ ئەم بڕیارە دەبێت پەیوەندی بە توانای زۆربەی گروپ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بێت. واتە زۆربەی گروپ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە مافی ئەوەیان هەیە بەیەکەوە بڕیار لە سەر داهاتوی شار بدەن.  گومانیشی ناوێت کە ئەم پرۆسەیە دەکرێت وەك بە دیموکراتیزەکردنی بڕیارە جارەنوس سازەکانی کۆمەڵگە سەیر بکرێت.(Landry 2000) لەم حالەتەدا لێندری وایدەبینێت کە کولتور نەك تەنها  فاکتەرێکی ئابورییە بۆ شار بەڵکو دەکرێت توانا کولتوریەکانیش یارمەتیدەری دۆزینەوەی رێگەچارەبن بۆ کێشەی شارەکان. لەهەمانکاتدا ئەمە روویەکی تری پرۆسەی بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراتیە لە شارەکاندا.

## تەوەری سێیەم: پڕۆژەی کولتوری کارگەی جگەرەی سلێمانی


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

کارگەی جگەرەی سلێمانی (فۆتۆ١٠ - ١١ - ١٢) لە ساڵی ١٩٦١ لە سەر روبەری ٢٦ دۆنم دامەزراوەو لە ساڵی ٢٠٠٥ بەتەوای لەکارکەوتوە. ئەم کارگەیە یەکێك بووە لەو کارگە چالاکانەی لە ماوەی کارکردنیدا تاکاتی لە کارکەوتنی کاریگەریەکی باشی لەسەر رەوتی بواری ئابوری شاری سلێمانی هەبووە.(نەوزاد موهەندیس ٢٠١٢). ئەلبەتە لەئێستادا بینای کارگەی جگەرەی سلێمانی بەشێوەیەکی پتەو ماوەتەوە و بۆ هیچ مەبەستێکیش بەکارنابرێت.

یەکێك لەو بیرۆکانەی لە ئەمرۆدا دەکرێت کاری لەسەر بکرێت نوێژەنکردنەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانیە، کە ماوەی چەند ساڵێکە لە کارکەوتوە، تا ئەم شوێنە بکرێتە سەنتەرێکی کولتوری بۆ شاری بسلێمانی.

بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە هەوڵی ئەوەبدرێت ئەم کارگەیە بکرێتە شوێنێك بۆ چالاکی کولتوری جیاواز. (فۆتۆ ١٣) بۆیە لایخوارەوە و بۆ ئەو مەبەستە کار لەسەر چەند ئاستێکی کولتوری دەکرێت:

گەشەپێدانی کولتوری: واتە پەرەپێدانی چالاکی داهێنەرانەی گروپە جیاوازەکانی شار، نەك بەتەنها هونەرمەندان بەڵکو هەموو ئەو چالاکیانەی پەیوەندیان بە داهێنانەوە هەیە. (10) . واتە هەوڵبدرێت ئەم شوێنە، واتە پاش گۆڕینی بۆ سەنتەرێکی کولتووری، ببێتە فاکتەرێکی ئابوری بۆ شاری سلێمانی. کە شێت بەنمونە ئەم لایەنانە لەخۆبگرێت: کردنەوەی سەنتەری زانستی، مۆزەخانە، سەنتەری پەروەردەیی، وەرشەی ئیشی دەست یان وەرشەی میدیای. گەشەپێدانی ئابوری کولتوری: گرنگیدان بە ئابوری کولتوری، یارمەتیدانی بەرهەمی بەشەکانی وەك مۆسیقا، فیلم، ستۆدیوی دەنگ، شانۆ، دیزاین، چاپەمەنی، کاری دەست، و پرۆگرام دروستکردن، گەشەکردنی بەردەوام و بوارێکیش بۆ نەشونماکردنی هزری ژینگەیی: شوێنێك بۆ دانوستان لەسەر کێشەکانی ژینگە، مودیلی دروستکردنی خانوی شوشەی ، ئەنجامدانی لیکۆڵینەوەی زانستی لەسەر سروشت و کۆکردنەوەی روەکی هەمەجۆر. هەروەها ببێتە شوێنێك تایبەت بە یاری و وەرزش بۆ منداڵ، گەنج، پیر، کەم ئەندام و گشت توێژە جیاکانی کۆمەڵگە.

لە کۆنسێپتی ئەم پرۆژەیەدا بەشێوەیەکی کورت باس لە بیرۆکەکان کراوە، بۆیە من لێرەدا هەوڵدەدەم رەهەندی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە زیاتر رونبکەمەوە کە چۆن دەکرێت ئەم پرۆژەیە وەك پرۆژەیەکی نمونەیی لە شاری سلێمانی بۆ گەشەکردنی کولتوری سودی لێوەربگیرێت و نمونەیەکیش بێت لەسەر گەشەکرنی شار بەگشتی.

## ١.١ شێوازێکی تر لە بەرهەمهێنانی کولتور

کارکردن لە سەر گۆڕینی پێناسەی کولتور لە پێناسەیەکی نوخبوییەوە(دەستەبژێرییەوە) کە کولتور بە گروپێکی تایبەت لە هونەرمەندانەوە پەیوەست بێت، بۆ پێناسەیەکی گشتیتر کە هەموو کەسێك توانای داهێنان و بەرهەمهێنانی کولتوری هەیەو، ئەمەش لەبەرئەوەی کە داهێنان لەگەڵ بونی مرۆڤدا بوونی هەیە و هەموو کەسێك لە سروشتەوە بەهرەمەندە و توانای داهێنانیشی هەیە.

لەم پرۆژەیەدا هەوڵی پەرەپێدانی چالاکی داهێنەرانەی گروپەجیاوازەکانی شاردەدرێت، نەك بەتەنها کاری هونەرمەدان بەڵکو کاری هەموو ئەو کەسە داهێنەرانەی لە شاردا پەیوەندیان بە داهێنانەوە هەیە. ئەمە دەکرێت وەك ستراتیژیەك بۆ بیرکردنەوە لە گەشەکردنی توانای تاکی هاوڵاتی لە شاردا سەیربکرێت. چونکە هەروەك پێشتریش باسمانکرد بەرێوەبردنی شار دەبێت بەبرپارێکی دەستەجەمعی بێت و بەشداری زۆرێك لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گروپ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی تیابێت ، چونکە بریاردان لەسەر شار تەنها کاری گروپێکی تایبەت نیە و کارێکی هەرەمەکیش نییە. پێگەی کولتور دەبێت بەشێوەیەك بەهێزبکرێت کە هاوکاربێت لە دۆزینەوەی رێگەچارەی کیشەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی و سیاسیەکانی شار و، سودیش لە توانا کولتوریەکان لە گەشەکردنی کۆمەلگە وەربگیرێت. ئەمەش وەکیتر دەکرێت وەك بەشێك لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی بڕیارە چارەنوسسازەکان لەسەر دۆخی کولتوری، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسیەکانی ئێستاو داهاتوی شاری سلێمانی تەماشاکرێت. لەرێگای ئەمەشەوە دووبارە پێگەی کولتور بەهێزدەکرێتەوە و کولتور دەچێتە دۆخێکی ئەکتیڤەوە تا لە گەڵ گۆڕانکاریەکاندا هاوکۆکیبکات و کاریگەیشبخاتەوە.

لەم سەنتەرەدا شێوازێکی پەروەردەی کولتوری پەیڕەو دەکرێت کە کار لەسەر شێوازی "جوانکاری ئەزمونی" Aesthetic Experience دەکات (11). لە ئێستادا بەشە کولتوریەکان پێویستیان بە شێوازی خۆ رێکخستنەوە و میتۆدی پەروەردەیی تازە هەیە تاکو لە گەڵ دۆخی ئێستادا بگونجێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە پرۆسەی بەجیهانیکردن لافاوی زانیارییە، لەڕیی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دۆخی تەکنەلۆجیادا هاتووە، پرۆسەی فێربون لەناو ئەم دۆخە ئالۆزەدا بەرەو نامۆبۆن دەچێت. چونکە مرۆڤەکانی سەردەم ناتوانن ئاراستەکانی خۆیان لە گەڵ خێرایی ئەو گۆرانکارایانەدا بدۆزنەوە کە بەسەر ژیانی رۆژانەیاندا دێت و ئەمەش وادەکات مرۆڤەکانی ئەمرۆ وەك فاکتەریکی ناچالاك لەناو دۆخەکەدا دەمێنیتەوە.

هەر لەسەر ئەو بناغەیە ئەم سەنتەرە کار لەسەر ئەوەدەکات چەند شێوازێکی پەروەردەیی کولتوری جیا بدۆزیتەوە تا بتوانێت یارمەتی گەشەکردنی تواناکانی کەسەکان لە کۆمەڵگەدا بدات ، کە خۆیان وەك فاکتەریکی چالاك لە ناو ئەم پرۆسەی گەشەکردنەدا ببینەوە.

## ١.٢ شێوازێکی تر لە سیاسەتی کولتوری

بەشێوەکی گشتی سیاسەتی کولتور بریتیە لە رێکخستنی پەیوەندیی شارەکان لەگەڵ دامەزراوە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکان، شێوازی ئەم رێکخستنە پەیوەندی بەو دیدەوە(کۆنسیپتەوە) هەیە کە شارەکان بۆ کولتور پەیڕەویدەکەن، شارەکان ناسنامەی خۆیان لە رێی ئەم شێوازی رێکخستنەوە نمایشدەکەن، چونکە ئەم دیدە بۆ سیاسەتی کولتوری، کاریگەری لەسەر کۆی بەرهەمهێنانی چالاکیە کولتوریەکان هەیە. ئەمەش لە ئەمرۆدا بۆ کارێکی ئاوا کولتووری گرنگە.

گومانی تیانییە ئەو سیاسەتە کولتورییەی لەئێستادا لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، سیاسەتێکی کولتوری نێوەندگیرییە (مەرکەزیە) لە وەزارەتی رۆشنبیریەوە لەرێی بەڕێوبەرە گشتیەکانەوە بەسەر هەمو شار و شاروچەکاندا دادەبەزێت، بەبی ئەوەی تایبەتمەندێتی ئەم شوێنانە لەسەر ئاستی لوکاڵی بەهەندوەربگرێت. (12)

کیشەکانی ئەم جۆرە بەڕێوبردنە ئەوەیە کە خۆی لە سیاسەتێکی گشتگیردا دەبینێتەوە، کار لەسەر ناسنامەیەکی گشتگیر(هومۆگین)دەکات بۆ کولتور و بەبێ جێاوازی بەسەر هەموو شارەکاندا دابەشبکرێت. لێرەدا شارەکان بە هەموو ئۆرگانە کولتوریەکانییەوە دەبنە کارگەیەك بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو دیدە تایبەتییە کە بۆی دانراوە. واتە نەك ئەوەی کە شارەکان لەناو دیدە جیاوازەکانی خۆیەوە سیاسەتێکی کولتوری پەیڕەوییکەن کە بەرهەمی دیدی چالاکیە کولتوری و رێکخراو و گروپە ناحکومیەکان بێت. ئەم شێوازە لە سیاسەتی کولتوری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وایکردوە کە شار ستراتیژیەکی نەبێت بۆ دروستکردنی دیالوگی کولتوری ناو گروپە جیاوازەکانی شار کە خودی ئەم جیاوازیە ناسنامەی کولتوری شار دروستدەکەن، لەلایەکی تر ئەم پلانە گشتگیرە ناسنامەی نەتەوەو ئیتنیە جیاوازەکان لەناو شارەکاندا دەسرێتەوە. نموونەشمان لەسەر ئەوە ئەو سلێمانییەیە کە لەئێستادا چەندین نەتەوە و ئیتنی جیاواز لەخۆدەگرێت. بەڵام هیچ پلانێك بۆ تێکەڵ کردنی ئەم کولتورەجیاوازانە لە سلێمانی ئەمرۆدا لە ئارادانیە.

تێهەڵکێشان (Integration)

پرۆژەی کارگەی جگەرە دەکرێت وەك شێوازێکی تر لە بەرێوەبردنی کولتوری لە شاری سلێمانی سەیربکرێت. ئەم کارگەیە جگە لەوەی گرنگی بە ناسنامەی تایبەتی شاری سلێمانی دەدات کە خۆی لە دروستکردنی مۆزەخانە و کتێبخانە و دەزگای ئەرشیفی دەبینێتەوە ،کە پەیوەندیان بە شاری سلێمانیەوە هەیە، لەهەمانکاتدا کارلەسەر ئەو جۆرە چالاکیە کولتوریانەش دەکات کە وەك دیدەجیاوازەکانی شاری سلێمانی خۆیان دەرەخەن. بەنمونە شاری سلێمانی لە سەرەتاوە بەوە ناسراوە لەسەرەتای دروستبونیەوە لە چەندین نەتەوە و گروپی ئیتنی جیاواز دروستبوە و ئەو تێکەڵیە کولتوریەش سەرمایەیەکی کولتوری شاربوە. لە ئێستادا لە شاری سلێمانی چەندین نەتەوەی جیاوازی دەژین. بەپێی ئەوەی لە ئێستای پرۆسەی جیهانگیریدا تێکەڵبونی کولتوری لەبنەماسەرەکیەکانی شارە زیندوەکانن بۆیە دەکرێت لێرەدا سود لە تواناکانی ئەم نەتەوانە وەربگیرێت و پلانێك بۆ تێهەڵکێشکردن و چوونەنیویەکدی کولتوری دابرێژرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە کارگەی جگەرەدا دەشێت پلاتفۆرمێك بۆ دیالۆگی کولتورەجیاوازەکانی شار دروستبکرێت.

لەبەنێوەندخستن (Decentralisation)

پرۆژەی کارگەی جگەرەی سلێمانی نمونەیەکی تر نمایشدەکات کە کار لەسەر لەسەنتەرخستنی(لەبەنێوەندخستنی) بەرێوەبردنی کولتوری دەکات، ئەمەش رێك بەپێچەوانە ئەو مودێلەی لە ئێستادا حکومەت لەرێگای بەرێوەبەرایەتیەکانیەوە سەرپەرشتی پرۆژە کولتوریەکانی پێدەکات. گرنگی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە کە سود لە ئایدیای گروپە کولتورییە جیاکانی ناو شار وەردەگرێت و، هەوڵدەدات لە کارگەی جگەرەدا شوێنیان بۆ دابینبکات و یارمەتی چالاکیەکانیان بدات. بەمشێوەیە ئەم گروپە جیاوازانە بە ئیدیا جیاوازەکانیان دەتوانن نوێنەرایەتی ستراتیژی پرۆژەی کولتوری کارگەی جگەرەبکەن و لە شێوازی ریکخستنی ئاسۆیی flat organization بەشداربن. ئەمە شێوازێکە لە بەرێوەبردن کە دەکرێت لەرێگای بەدیموکراتیزەکردنی بریاری سیاسەتی کولتوری بەشداری بە ئیدیا جیاوازەکان بکرێت. گومانیشی ناوێت بریارەکان لەسەر بناغەی توانای هزری داهینەرانەی گروپەکان بەرهەم بێت.

پێشتر ئاماژەپێکرا کە شاری سلێمانی خاوەنی سەرمایەکی کولتوری بەڵام ئەم سەرمایە کولتورییە نەتوانراوە بەپێیپێویست وەك سەرمایەکی ئابوری سوودیلێببینرێت. ئاشکرایە کە سلێمانی شارێکی کولتورییە بەڵام سەرچاوەی ئابورییەکەی لەسەر فرۆشتنی نەوتە. لەدوای قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوتیش بۆماندەرکەوت کە نەك ئەو سەرمایە کولتوریە نەیتوانی رۆڵێکی کاریگەری هەبێت، بەڵکو سێکتەری کولتوری لە پێش هەموو سێکتەرەکانی تر لە کارکەوت. ئەمەشوایکرد کە کولتور توانای ئەوەی نەبێت خۆی بژێنێت. لەلایەکیتر ئەم مشەخۆریەی بەشەکولتوریەکان وای کردوە، کە حکومەت یان حزبەکان سپۆنسەری سەرەکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کولتوربن، ئەمەش کاریگەری چاکی داناوە لەسەر سەربەخۆنەبونی چالاکیە کولتوریەکان و کۆیلەکردنی روناکبیری کولتووری و پرۆسەی ئەفراندن.

لە کارگەی جگەرەدا هەولدەدریت گرنگیەکی زۆر بدرێت بەو بەشە کولتوریانەی کە توانای خۆ ژیانیان هەیە. بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش لەسەرەتادا گروپەکان یارمەتی دەدرێن ئەوەش بەهۆی دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆیان و ریکخستنی پەیوەندی بۆیان لەگەڵ گروپە هاوشیوەکانی تر و یارمەتیدانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەنێوانیاندا.

## ١.٣ شێوازێکی تر لە گەشەکردنی شاری بەردەوام (Sustainable development)

پرسی ژینگە یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی گرنگی خۆی لەم پرۆژەیەدا هەیە. ئەمەش بۆ گۆرینی جیهانبینی سەبارەت بە ژینگە و سروشتپارێزی. چونکە بابەتی ژینگە بەتەنها خۆی لە پیسکردنی سروشتدا نابینێتەوە، بەڵکو پرسیار لە نەمانی وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لەخۆدەگرێت. چونکە بایەخنەدان بە ژینگە یەکێکە لە قەیرانە سەرەکیەکانی شارەکان لە داهاتوودا . ئەو پلانەش کە لە ئێستا لەکوردستان بۆ گەشەکردنی شارەکان و کەرەستەی بیناسازی ئامادەیە رەچاوی هیچ جۆرە رێنمای بیناسازی ژینگەیی ناکات. جگەلەوە ،کێشەکە لەوەشدایە کە ئەم شێوازی گەشەکردنە لەداهاتوودا شارێکمان بۆ دروستدەکات پێداویستی وزەیی زۆر لە ئێستا زیاتربێت. گەر ئەو لایەنە لەبەرچاو نەگیرێت لەپاش نەمانی نەوت شار پێداویستیە وزیەکانی رۆژانەی ناتوانێت دابینبکات.

گەشەکردنی بەردەوام، هەروەك لە دەقی یاداشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەساڵی ١٩٩٢ هاتوە، بەو واتایە دێت، "بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ئێستامان نەبێتە کێشەیەك بۆ بەدەستهینانی پێداویستیەکانی نەوەکانی داهاتوو". لەهەمانکاتدا هۆشیاریکردنەوەی مرۆڤایەتی لەو قەیرانەی لەداهاتویەکی نزیکدا روبەڕوی دەبنەوە، لەوانە: نەمانی کەرەستەی خاو، وزە، خواردن، پیسبونی ژینگە و زۆربونی دانیشتوان. لەم یاداشتەدا ئەوەش هاتووە کە دەربازبون لەم قەیرانانە و دۆزینەوەی رێگەچارە ئەرکی گشتی هەموو وڵاتەکان و مرۆڤایەتی هەموو چین و توێژەکانە.

ئەم پرۆژەیە خۆی لەسەر ئەو بناغەیە بوونیاددەنێت کار لەسەر گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و کرداری کەسەکان دەکات، هاوکات کار لەسەر پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانیش دەکات. کارگەکە دەبێت بە شوێنك بۆ دانوستان لە سەر دۆزینەوەی رێگە چارە قەیرانەکانی ئێستا و داهاتو، ئەلبەتە لەرێی ئامادەکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ چین و گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، لەم پرۆسەی دانوستاندنەش رۆلێکی کارا بۆ بنیاتنانەوەی داهاتوی شار و سروشتی دەوروبەری شار دەبینێت.

هاوکات هەوڵدەدریت پانتایی کارگەکە ببیتە شوینکی ژینگەیی و پلانی ئەوە دارێژراوە کە نوێژەنکردنەوەی پشت بەستوبێت بە سیستەمی گەشەکردنی بەردەوام چ لە روی ماتریاڵی بیناسازیەوە و چش لەروی سیستەمی گەرمیو ساردی کە بتوانرێت بە سیستەمی وزەی سەوز Green Energy وزەی کارگەکە دابینبکرێت، هەروەها سیستەمی ریسایکلکردنی ئاوەڕۆ و خاشاکیش بەهەندوەردەگیەێت. کەواتە نوێژەنکردنەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانی دەکرێت ببێتە نمونەیەك کە شاری سلێمانی بۆ گەشەکردنی خۆی سودی لێوەرگرێت هەروەها بناغەش بۆ بەرهەمهێنانی فرەکولتووری بسازێنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دەرئەنجام:**

لە ئێستای شارە هاوچەرخەکانی جیهانی گڵۆباڵدا دیاردەی کولتور لەسەر ئاستی "ئابوری داهێنەر" و بەڕێوەبردنی شار پێگەیەکی سەرەکی لە گەشەکردنی شاردا هەیە. تەنانەت هزری داهێنەرانەی شاریش سەرمایەیەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کیشەو قەیرانەکانی کە شار روبەڕویدەبێتەوە سودی گەورەی لێوەردەگیرێت. ئەمەش پێماندەلێت شار مانای بۆ کولتوور و کولتووریش مانای لە ژیانی شار دا هەیە.

گۆرینی کارگەی جگەری سلێمانی بۆ سەنتەرێکی کولتوری، کە لەم توێژینەویەدا ئاماژەی پێکراوە دەبێتە شوێنێك بۆ گەشەپێدانی کولتور، کە خۆی لە پەرەپێدانی چالاکی داهێنەرانەی گروپە جیاوازەکانی شار دا دەبینێتەوە، لێرەشەوە دەکرێت ئەم چالاکیانە بەوە ناودەکرێت کە توانای ئەوەیان هەیە پەرە بە گەشەپێدانی ئابوری کولتور بدەن و ، ئەمەش دەشێت وەك فاکتەرێك بۆ نەشونمای ئابوری شاری سلێمانی تەماشاکرێت. لەهەمان کاتدا نوێژەنکردنەوەی بینای کارگە، لەسەر رێنمایی گەشەکردنی بەردەوام، دەبێتە نمونەیەك بۆ گەشەکردنی گشتی شارو دواتر دەکرێت ئەم مودێلە بەرەو شارەکانی تری کوردستان بگوازرێتەوە.

بەمجۆرە، ئەم کارگەیە کە دەبێتە سەنتەرێك دەبێتە شوێنیك بۆ پێکەوەکارکردنی ئایدیا و دیدە جیاوازە کولتوریەکانی گرووپەکانی شار و هاوکات رۆڵی پلاتفۆرمێکیش دەبینێت کە ئەم گروپانە بەیەکەوە ببەستێتەوە، لەم رێگەیەوە ستراتیژیەکی گونجاو بۆ گەشەکردنی شاری سلێمانی لەسەرئاستی کولتوری و کۆمەلایەتی و ئابوری دادەرێژرێت. ئەمەش وادەکات وێنەیەك لەسەر واتای شاری تازە دروستبیت ٚکە شار هەمیشە شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی هزری داهێنەرانەی گروپە جیاوازەکان و خولقاندنی کلتوری پێکەوەکارکردن.

**فۆتۆکان:**



فۆتۆی ژمارە١ : نەخشەی بەشێك لە سلێمانی ساڵی ١٩٢٧ (ئەرشیفی بنکەی ژین)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




**فۆتۆی ژمارە٢: شەقامی سالم  ١٩٦٣ (ئەرشیفی بنکەی ژین)**



**فۆتۆی ژمارە٣: شەقامی شەستی (ئەرشیفی شارەوانی سلێمانی بەشی ماستەرپلان. ٢٠٠٩)**


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)




فۆتۆی ژمارە٤: نەخشەی گەشەکردنی شار بەرەو دەرەوەی شەقامی شەستی (ئەرشیفی شارەوانی سلێمانی بەشی ماستەرپلان. ٢٠٠٩)



فۆتۆی ژمارە٥: گاردن سیتی(سەرچاوەی تایبەت. ٢٠١٠)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)



فۆتۆی ژمارە٦: گوندی ئەڵمانی. (سەرچاوەی تایبەت. ۲۰۱۰)



فۆتۆی ژمارە٧: روخاندنی خانوەکۆنەکان وە کردنیان بە گەراج لەناوی شاری کۆن. (سەرچاوەی تایبەت. ۲۰۱۰)



فۆتۆی ژمارە٨: دورگەی موزەخانە لە شاری بەرلین.
www.museumsinsel-berlin.de/fileadmin/user_upload/leichte_sprache/03_was_ist_der_masterplan/ls_map_ma.jpg




فۆتۆی ژمارە٩: کوارتیری مۆزەخانە لە شاری ڤێنا
http://worldwalk.info/map/1969.gif


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)



فۆتۆی ژمارە ١٠: کارگەی جگەرەی سلێمانی ٢٠١١. (فۆتۆ: هەڵۆ لالۆ)



فۆتۆی ژمارە ١١: کارگەی جگەرەی سلێمانی(شارەوانی سلیمانی بەسی ماستەر پلان. ٢٠٠٩)



فۆتۆی ژمارە١٢: یەكێك لە هۆڵەكانی كارگەی جگەرەی سلێمانی. ٢٠١١ (فۆتۆ: هەڵۆ لالۆ)



فۆتۆی ژمارە١٣: دیزاینی پێشنیاركراو بۆ كارگەی جگەرەی سلێمانی. (رێكخراوی كولتور وگەشەپێدانی بەردەوام)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)



فۆتۆی ژمارە١٤: دیزاینی پێشنیارکراو بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی. (ڕێکخراوی کولتور وگەشەپێدانی بەردەوام)

پەراوێز:

١. لەگەڵ ئەوەی لە شاری سلێمانیدا لە کۆتای بەنجاکانەوە چەند کارگەیەك دروستدەکرێت. بەڵام ئەمە کاریگەری بەسەر ناسنامەی سلێمانیەوەنەبوە، بەڵکو بەبەردەوامی ناسنامەی شارێکی سیاسی کولتوری هەبوە، ئەمە دەکرێت لە پلانی شارێشدا بیبینیت، کە تا ناوەدەکانیش پلانیکی شاری پیشەسازی بەدیناکرێت. .

٢. ئەم شێوازەش مزگەتێك لە سەنتەری شاردا وە بازار بەدەوریدا وە لەدوایدا شیوێنی نیشتەجێو ئینجا شورایەك بە دەوری شارەکەدا دروستدەکرێت. سلێمانی تەنیا شوراکەی بۆ دروستنەکرابوو. لەهەمانکاتدا نزیکی نێوان شوێنی کارکردن وە شوێنی نیشتەجێ، هەروەها ئەو فۆرمە چریەی خانوەکان و کۆڵانی تەسکە، هۆکاریکی ئابوری هەبوە کە لەزستان و هاویندا خۆیان لە سەرما و گەرما پاراستوە. .

٣. چونکە .لە ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ تەنها نەوەت لەڕێگەی نەتەوەیەگرتوەکانەوە دەنێردرایە دەرەوە.

٤. لە ساڵی ١٩٢٨ لە (کۆنفرانسی بیناسازی هاوچەرخ) بەسەرپەرشتی ئەندازیار لارکوربوسی، کە وەك مۆدیلێکی نوی بۆ داهاتو شارە پیشەسازیەکانی رۆژئاوا . و ئەمەریکا دارێژدرا.

٥. لەئێستادا چەمکی ئابوری لە چەمکی ژینگەی جیاناکرێتەوە، ئەم دوو چەمکە بەیەکەوە بەکاردین، نەمانی سەچاوە سروشتیەکان و وزە کێسەکەی ئابوریشن, نەك بەتەنها ژینگەیی.

٦. پرۆسەی دەرچون لە ناو شاری کۆنەوە بەرەو دەرەوەی شار، Suburbanizationلە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە شارەکانی ئەوروپا رویدا، بوە هوی ئەوەی ناو شارە کۆنەکان چوڵ کرا. سەنتەری شاری روڵی لەدەستدا.

٧. کۆمەڵناس (نیکۆلاس لومان) کۆمەڵگە وەك سیستمێکی کۆمۆنیکەیشن سەیردەکات. ئەم سیستەمە بەهۆی پەیوەندی نێوان چەند کایەیەکی یان سیستمێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، کولتوری، خیزان، پەروەردە، هونەر... هتد دروستبووە، کە بەیەکەوە سیستەمی شار دروستدەکەن. بۆ لومان هەموو سیستەمێك بۆ ئەوەی وەك شوناسێکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەربەخۆ لە ناو سیستەمەکانی تردا بمینیتەوە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە لە ناو جیاوازیاکانی خۆی، لە هەمانکاتدا لە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، دوبارە خۆی بەرهەمبهینیتەوە. ئەوەی لە مۆدێلی شاری ئەرگەرا دروستدەبێت نەمانی جیاوازیەکان ئەم چینانەیە، کە بۆ لومان کۆمەڵگە لە کۆمەڵێك سیستەمی جیاواز(هیتروگێن) پێکهاتوە، بەهەموو ئەو جیاوازیانەوە کۆمۆنیکەیشن دروستدەبێت، نەك لە سیستەمیکی(هۆموگێن) لەیەکچوو چونکە لە سیستەمی هۆموگیندا کە کۆمۆنیکەیشن نەبو داهێنان دروستنابێت. کەواتە ئەم شێوازە لە گەشەکردنی شاری بسلێمانی بە جیاکردنەوەی چینەکان لە یەکتر دەبێتە هۆی نەمانی کۆمونیکەیشنی کۆمەڵایەتی لە ناو شاردا وکاریگەی خراپی دەبێت لە سەر دۆخی کولتوری بۆ سلێمانی چونکە بەبێ کۆمونیکەیشن گروپە جیاوازەکانی شار توانای داهێنانی کولتوری نامێنێت.

٨. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا پێداویستی بە بیکردنەوە نەبوە. بەڵکو کۆمەڵگەی زانیاری بیرکردنەوە و داهێنان وەك کەرەستەی سەرەکی ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە سەیر دەکرێت. .

٩. لێرەدا چەندین نمونەی سەرکەوتو هەیە "تێد گەلەری" لەندەن لە پێشدا کارگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بوە، " سەنتەر چنینی کۆنی لایپزیگ" لە پێشدا کارگەی خوری بوە لە شاری لاپزیك لە ئەڵمانیا، "ناوچەی موزەخانە" لە شاری ڤێنا، کە لەپێشدا شوێنی بەخێوکردنی ئەسپی پاشای نەمسابوە. لە شاری هامبۆرك "سەنتەری کارگە" کە لە پێشدا کارگەی دروستکردنی مەکینە بوە. . لێرەدا دەکرێت شار بەهاوبەشی پرۆژە دروستدەکان لە گەڵ کەرتی تایبەت، چونکە زور لەم پرۆژانە دەکرێت پرۆژەی کەرتی تایبەتبن. .

١٠. ئەو پێناسەی لە کوردستان بەگشتی کاری پێدەکرێت دەربارەی بەهرە و توانای داهێنان، دەگەرێتەوە بۆ پیناسەی هونەری لەسەدەی رۆمانتێکدا، کە هونەرمەند ئەوە کەسەر خولقێنەرەیە تایبەتەیەیە، ئەو توانایەی کە هونەرمەند هەیەتی، لەکەسێکی ئاسایدا نیە.

١١. ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ نوسینێك دەربارەی فەلسەفەی کولتور لای فریدریك شێلینگ، بەناوی "دەربارەی پەروەردە ئێستێتیکی مرۆڤ" لەساڵی ١٧٩٥ نوسیوێەتی، چەمکی ئێستێتیکی لا شیلینگ چەمکێك نیە وەك شیکاری کردنی جوانی لە کاری هونەریدا، بەڵکو چەمکی ئێستیتیکی "پرۆسەی درککردن" بۆ پەروەردەکردنی ئاگایی تاك وئاڕاستە وەرگرتنی لە کۆمەڵگەدا.

١٢. ئەم جۆرە لە رێکخستنی سیاسەتی کولتوریە زیاتر لەوەڵاتە ئیشتراکیەکانی بلۆکی رۆژهەڵات پەیرەوی کراوە. لێرە وەك پاشماوەی ئەو رێکخستنە کولتوریە کە لەرژێمی پێشوی عیراقەوە بۆمان ماوەتەوە. .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوەکان:


- جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم. دەزگای سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٢.

- نەوزاد موهەندیس. نیوسەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە شاری سلێمانی.٢٠١٣

- ڕێکخراو کولتور گەشەپیدانی بەردەوام، پرۆپۆزەڵی بیرۆکەی سەنتەری کولتوری کارگەی جگەرەی سلێمانی.٢٠١٢

- Hall, Peter (2000): Creative Cities andEconomic Development. Urban Studies, Vol.37, Nr.4. S. 640

- Frey, Oliver: Die amalgane Stadt, Orte. Netze. Milieus, VS Verlag für Sozialwissenschaften, Wiesbaden 2009 ,

- Tilo Hilpert (Hrsg.): Le Corbusiers Charta von Athen. Texte, Dokumente. Kritische Neuausgabe, Braunschweig: Vieweg 1984.

- Zukin, Sharon (2003): Whose Culture, Whose City? In: LeGates, Richard/Stout, Frederic: The City Reader. London, New York: Routledge .

- Landry, Charles (2000): The Creative City. A Toolkit for Urban Innovators. London: Earthscan.

- Urban Context (2009): Slemani Masterplan final Report. S.91



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرجاوەی فۆتۆکان:**

**فۆتۆی ژمارە١: نەخشەی بەشێك لە سلێمانی ساڵی ١٩٢٧ (لە ئەرشیڤی بنکەی ژین)**

**فۆتۆی ژمارە٢: شەقامی سالم ١٩٦٣ (لە ئەرشیڤی بنکەی ژین)**

**فۆتۆی ژمارە٣: شەقامی شەستی (شارەوانی سلێمانی بەشی ماستەرپلان)**

**فۆتۆی ژمارە٤: نەخشەی گەشەکردنی شار بەرەو دەرەوەی شەقامی شەستی. (شارەوانی سلێمانی بەشی ماستەرپلان)**

**فۆتۆی ژمارە٥: گاردن سیتی(سەرچاوەی تایبەت)**

**فۆتۆی ژمارە٦: گوندی ئەڵمانی (سەرچاوەی تایبەت)**

**فۆتۆی ژمارە٧: روخاندنی خانوەکۆنەکان وە کردنیان بە گەراج لەناوی شاری کۆن. (سەرچاوەی تایبەت)**

**فۆتۆی ژمارە٨: دورگەی موزەخانە لە شاری بەرلین-**https://www.museumsinsel-berlin.de/fileadmin/user_upload/leichte_sprache/03_was_ist_der_masterplan/ls_map_ma.jpg

**فۆتۆی ژمارە٩: کوارتیری مۆزەخانە لە شاری ڤێنا**

http://worldwalk.info/map/1969.gif

**فۆتۆی ژمارە١٠: کارگەی جگەرەی سلێمانی(فۆتۆ: هەلۆ لالۆ)**

**فۆتۆی ژمارە١١: کارگەی جگەرەی سلێمانی (فۆتۆ: هەلۆ لالۆ)**

**فۆتۆی ژمارە١٢: یەکێك لە هۆڵەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانی (فۆتۆ: هەلۆ لالۆ)**

**فۆتۆی ژمارە١٣: دیزاینی پێشنیارکراو بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی.(رێکخراوی کولتور وگەشەپێدانی بەردەوام)**

**فۆتۆی ژمارە١٤: دیزاینی پێشنیارکراو بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی. (رێکخراوی کولتور وگەشەپێدانی بەردەوام)**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## The Effects of Transforming Sulaymani Cigarette Factory to a Cultural Center on the City of Sulaymani

In this research study, I will discuss the significance and gravity of transforming the Cigarette Factor in Sulaymani to a cultural centre, and also elaborate on the effects of such a cultural project on the growth and development of the city of Sulaymani. Considering that Sulaymani is known to be more of a cultural city in comparison to other cities in southern Kurdistan with an immense cultural capital, the Kurdistan Parliament on December 03 2012 recognized Sulaymani as the Cultural Capital of Kurdistan Region. During the development phase of Sulaymani and more specifically in the 1990s, it is clear that the cultural identity of Sulaymani was not seriously focused on. Consequently the city underwent an unplanned expansion that had great impact on the heritage areas of the city to a point where most of them were destroyed and disappeared. Adding to that, such unplanned expansion resulted in diverting the economy of Sulaymani toward a complete dependency on oil revenues. One of the many ideas that could be worked on is the renovation of the the Cigarette Factory in Sulaymani, that has been out of commission for several years, and transforming it to a cultural centre. The goal of this project is to provide a nurturing space where creative minds can materialize their ideas, and also an engine promoting the development of cultural economy - the latter plays an important role in the economy of western cities. Hence, this research study will focus on presenting a model, a pilot project, for cultural management in the city of Sulaymani. Moreover, this pilot project will help to utilize an abundance of cultural resources available to developing a cultural economy in the city of Sulaymani. Last but not least, transforming the Cigarette Factory to a cultural centre can be a main factor in the growth of a cultural economy in Sulaymani.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تحويل معمل سجائر السليمانية الى مركز ثقافي وتأثيره على مدينة السليمانية

يتمحور البحث الحالي حول فكرة تحويل مبنى معمل سجائر السليمانية الى مركز متخصص بالأنشطة الثقافية ، إذ يحاول الباحث الإشارة الى فاعلية ودور هذا المركز الثقافي على إزدهار مدينة السليمانية بعدها إحدى أهم المدن الثقافية في المنطقة مقارنة بالمدن الأخرى في جنوب كوردستان ، إذ أصبحت السليمانية العاصمة الثقافية لأقليم كوردستان وكان ذلك بناءاً على قرار برلمان كوردستان الصادر بتاريخ ٢٠١٢/١٢/٣ .

ويبدو إن إزدهار مدينة السليمانية لاسيما في فترة مابعد التسعينيات لم ترتكز على مخطط مسبق كما لم تأخذ بنظر الإعتبار خصوصية الهوية الثقافية ، وهذا ما أسفر عن نتائج سلبية تمثلت بتهميش وهدم المحلات والأزقة القديمة في السليمانية والتي تعد جزءاً مهماً من التراث الثقافي للمدينة ومن جانب آخر فإن الإنتعاش الإقتصادي للمدينة محكوم ببعد واحد فحسب والمتمثل بالواردات النفطية ، وبالتالي تلتف إحدى الأفكار الحالية حول تنشيط الجانب الثقافي من خلال تحديث معمل سجائر السليمانية المتوقف عن العمل عبر سنوات طويلة وتحويله الى مركز ثقافي.

وعليه يعد هذا المشروع عاملاً فاعلاً يهدف الى تنشيط المبنى عبر أستقطاب الأفكار والطاقات الإبداعية لتسهم في تقوية وإغناء البنى الثقافية فضلاً عن الإسهام في تنمية وإزدهار الجانب الإقتصادي والثقافي للمدينة ، وبعدها ركيزة اساسية للإنتعاش وكما هو الحال في المدن والمجتمعات المعاصرة .

وهكذا نجد إن ما يلفت الأهتمام في هذا البحث تحديداً هو عرض مفهوم محدد يتمثل بآليات تجسيد نموذج مثالي *Pilotprojekt* لإدارة الثقافة في مدينة السليمانية وكيفيات تفعيل هذا الإرث الثقافي وطرق إستثماره لإدامة وتنمية الجوانب الإقتصادية والثقافية للمدينة.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)